# متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لەنێوان خوێندکارانی زانکۆدا؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی ڕاپەڕین

**پشتیوان عولا خدر[1]، داستان عمر محمود[2]، ڕێبین کاکەمەم عمر[3]**

[1-2] بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[3] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەدەی شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێبون، قۆناغی خوێندن) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکان، توێژەران سودیان لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمێکی ڕاپرسییان ئامادەکردووە؛ پێوەری متمانەبەخۆبون لە (20) بڕگە و پێوەری متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر لە (22) بڕگە پێکهاتووە، کە تەواوی تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکان ئەنجامدراوە. هاوکات بە شێوەی هەڕەمەکیی چینایەتیی ڕێژەیی (181) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و (189) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ وەرگیراون، واتە بەگشتی (370) خوێندکار لە زانکۆی ڕاپەڕین وەرگیراوە. بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکانیش، توێژەران، سودیان لە پرۆگرامی (SPSS) وەرگرتووە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، برتییە لە : بەشێوەیەکی گشتی متمانەبەخۆبون لای نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. لەکاتێکدا متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەها دەرکەوتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا سەبارەت متمانەبەخۆبون نییە، بەڵام سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە، بەجۆرێك ڕەگەزی نێر، بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، زیاتر متمانەی کۆمەڵایەتیی بەیەکتری هەیە. هەروەها متمانەبەخۆبون لای ئەو خوێندکارانەی خێزاندارن، بە بەراورد بەو خوێندکارانەی سەڵتن، بەزرترە، بەڵام متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر، لای خوێندکارانی سەڵت، بە بەراود بەو خوێندکارانەی خێزاندارن، زیاترە. هەروەها دەرکەوتووە ئەو خوێندکارانەی لە ناوشار نیشتەجێین متمانەبەخۆبونیان زیاترە لەو خوێندکارانەی لە دەرەوەی شار نیشتەجێن، بەڵام سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر، گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون گۆڕانکاری لە ئەنجامەکان دروست نەکردووە. لەکۆتاییشدا دەرکەوتووە (قۆناغی چوارەمی) زانکۆ، ئاستی متمانەبەخۆبونیان بە بەراود بە قۆناغەکانی تری خوێندن، بەزرترە، بەڵام سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر ئەم جیاوازییە نییە.

**وشە سەرەکییەکان:** متمانە، متمانەی کۆمەڵایەتی، متمانەبەخۆبون، خوێندکاری زانکۆ، زانکۆی ڕاپەڕین

## پێشەکی

متمانەی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك چەمکێکی تازەیە لە ناو کایەی کۆمەڵناسیدا، بەڵام لەم دواییانەدا بۆتە جێگای تێڕوانینی زانایان و توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی، چونکە ئەم چەمکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و نەزمێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، کە خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکاندا دەبینێتەوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ ئاب ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٦ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ ئایار ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: Pshtiwan.awlla@uor.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ پشتیوان عولا خدر، داستان عمر محمود، ڕێبین کاکەمەم عمر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

هەروەها بەیەکێك لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کارلێکی نێوان تاکەکان دەژمێررێ و لە هاوبەشیکردنی زانیاری و ئەزمونە تاکەکسییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت.

سەرەڕای ئەوەش متمانەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنی هۆشیاری و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە. هەمو ئەمانەش هۆکارن بۆئەوەی پرۆسەی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی خێراتر بکات و پەرە بەیەکگرتویی گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەگشتی، بدات. لەکاتێکدا متمانەبەخۆبون چەمکێکی دەرونی-کۆمەڵایەتییە، چونکە پەیوەستە بە لایەنی خودی و کۆمەڵایەتیی تاکەوە، بەجۆرێك متمانەبەخۆبون توانا و کارامەیی تاکە بۆ بەرنگاربونەوەی ئەو ئاڵنگاری و بەربەستە دەرونی و کۆمەڵایەتیانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕوبەڕوی دەبێت. لەلایەکی تر متمانەبەخۆبون هۆکارە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی دەرونی و کۆمەڵایەتیی تاك.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

خوێندكارانی زانكۆ بە توێژێكی چالاك و گرنگی كۆمەڵگە دادەنرێن، لەسەرجەم كۆمەڵگەكاندا بە سەرمایەی مرۆیی و كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگە دادەنرێن؛ بۆیە پێویستە ئەم توێژە لە ژینگەیەكی پڕ لە متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایتیدا بژیت، چونكە بۆ دابینكردن و پڕكردنەوەی پێداویستییە (كەسی،ئەكادیمی، كۆمەڵاتییەكان)، پێویستیان بە هاوكاریی تاكێكە، متمانەی پێبكات و گوێ لە داواكاری و ئاواتەكانی بگرێت. بەواتای ئەوەی متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتر لە نێوان توێژی زانكۆدا بەبەراود بە توێژەكانی تری كۆمەڵگە پێویستییەكی ڕەهایە، چونكە سروشتی زانكۆ و پێوستی و ئەرك و چالاكییەكان، پێیوستیان بە متمانە هەیە. بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە بەرفراوان و خێرایانەی تەواوی كایەی كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و تەكنەلۆژیای گرتۆتەوە، ئەم گۆڕانكارییانەش لەلایەكەوە كاریگەری لەسەر سروشتی پەیوەندی و نۆرم و بەها و بۆچونەكانی تاك هەبوە، بەجۆرێك تاكەكانی كۆمەڵگە ئاگایی خۆپارێزیان بەرانبەر پەیوەندی و كارلێككردنیان لەگەڵ تاكەكانی تر بۆ دروستبووە. لەلایەكی تریشەوە بەم گۆڕانكارییانە هەست و باوەڕی تاككەڕایی لە كۆمەڵگەدا زاڵبووە؛ هەمو ئەم هۆكارانەش دەشێت كاریگەرییان لەسەر سروشت و هێزی متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتری هەبێت. متمانەش بەشێوەیەكی گشتی چەند جۆرێكی هەیە وەك( متمانەبەخۆبون، متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتری، متمانەی دامەزراوەیی، سیاسی، ئابووری..). بەڵام لەم توێژینەوەیە جەختكراوەتە سەر (متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتر).

## 1. ڕەگەزە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە

### 1.1. گرفتی توێژینەوەكە

متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون، بە یەكێك لەو چەمكە گرنگانە دادەنرێن، كە بونەتە جێگەی بایەخپێدانی زانایانی كۆمەڵناسی و دەروناسیی كۆمەڵایەتی، چونكە ئەو چەمكانە هۆكارێكن بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و دەرونی تاك. هەروەها متمانە بەشێوەیەكی گشتی هۆكارە بۆ زیادبون و پەرەپێدانی هاوكاریی كۆمەڵایەتی و دەرونی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا، ئەم هاوكارییەش لە پاراستنی ڕێكخستن و ئاسایشی كۆمەڵایەتی و دەرونیدا بەشدارە. زۆر جار متمانە بەیەكێك لە توخمە سەرەكییەكانی سەرمایەی كۆمەڵایەتی دادەنرێت. وەك چۆن (فۆكۆیاما- Fukuyama) دەڵێت" پەیوەندییەكی ڕاستەوانە لە نێوان ئاستی سەرمایەی كۆمەڵایەتی و متانەدا هەیە، بە زیادبونی هەریەكێكیان ئاستی ئەوی تر زیاد دەكات" (دیوكلائی و دیگران، 2014: 81). لەلایەكی ترەوە متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون، ڕۆڵیان لە ئاستی خۆشگوزەرانیی تاك و كۆمەڵگەدا هەیە، هەروەك (بیۆرنسكۆف- bjornskov) دەڵێت: "متمانە كاریگەریی لەسەر دام و دەزگا كۆمەڵایەتییەكان، بەتایبەت دەزگای ئابوری، هەیە، كە دەبێتە هۆی زیادبونی داهاتی ئابوری و ئاستی خۆشگوزەرانیی تاك و كۆمەڵگە، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە "(bjornskov, 2022: 218).

لەگەڵ ئەوەشدا، متمانە وەكو نۆرمێك و بەهایەک بۆ هاوكاریكردنی تاكەكان لە كۆمەڵگەدا سەیر دەكرێت، چونكە متمانە لەهەر كۆمەڵگەیەكدا هەبێت، بە فاكتەرێكی باش بۆ ئاسانكاری و هاوكاریكردنی نێوان تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە دادەنرێت، هەروەكو چۆن ( بۆردیۆ - Bourdieu ) ڕای وابو " لەهەر دامەزراوەییەكی كۆمەڵایەتی متمانە زیاتر بێت، سەرمایەی كۆمەڵایەتی و هاوكاری و كارلێككردنی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە زیاتر و فراوانتر دەبێت" ( تبریزی و دیگران، 2019: 157). كەواتە متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لە ژینگەی كۆمەڵاتییەوە فێریان دەبین، هاوشێوەی بۆچونی (نیوتن- newton) جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە دەڵێت "متمانە تایبەتمەندییەكی ژینگەی كۆمەڵایەتییە، واتە تاك لەژینگەی كۆمەڵایەتییەوە فێری متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون دەبێت"(newton, 2004 :21). ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، كە متمانە چەمكێكە لەلایەن خێزان، وەک یەكەم دەزگای كۆمەڵایەتی، بنیادنراوە، لەبەر ئەوە خێزان ڕۆڵی تەواوی لە دروستبونی ماتمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتیدا هەیە، چ بەشێوەی ئەرێنی بێت، یاخود بەشێوەی نەرێنی؛ بۆیە (ئۆسلانێر- Uslaner) لەسەر ئەو بۆچونە پێیوایە" ئێمە لە سەرەتادا متمانە لە دایک و باوكمانەوە فێردەبین، وەك یەكەمین ژینگە و دامەزراوەی كۆمەڵایەتی"( Delhey and Kenneth,2003: p4).

زانكۆش وەك دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی و ئەكادیمی، لە ژینگەی خێزان و قوتابخانە جیاوازترە، بۆیە پێویستە خوێندكارانی زانكۆ لە ژینگەیەكی پڕ لە متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایتیدا بژیت، چونكە بۆ دابینكردن و پڕكردنەوەی پێداویستییە كەسی و ئەكادیمی و كۆمەڵاتییەكان پێویستیان بە هاوكاریی تاكێكە، متمانەی پێبكات و گوێ لە داواكاری و ئاواتەكانی بگرێت. بەواتای ئەوەی متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی لە نێوان توێژی خوێندكارانی زانكۆ بەبەراود بە توێژەكانی تری كۆمەڵگە پێویستییەكە نكۆڵیی لێناكرێت، چونكە سروشتی زانكۆ و پێوستی و ئەرك و چالاكییەكان، پێیوستی بە هەبونی متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون هەیە، چونكە متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون هۆكاری گرنگن، كاریگەرییان لەسەر تواناو كارامەیی ئەكادیمی و كارلێكە كۆمەڵایەتییەكان و خۆشگوزەرانیی گشتیی خوێندكاران هەیە، بەڵام بە هۆی ئەو گۆڕانكارییە خێرا و بەرفراوانەی سەرجەم كایەكانی كۆمەڵایەتی و ئابوری و تەكنەلۆژیای گرتۆتەوە، دەشێت ئەم گۆڕانكارییانە كاریگەرییان لەسەر سروشت و ئاستی متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتر هەبێت، ئاستی ئەم كاریگەرییانەش دەشێت بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانی وەك "ڕەگەز، باری كۆمەڵایەتی، قۆناغی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبون" گۆڕانكارییان بەسەردابێت. هاوكات بە شێوەی زانستی ئاستی متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی بەگشتی و بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان دیاری نەكراوە. ئەمەش وای لە توێژەران كرد توێژینەوەیەكی زانستی بە ناونیشانی **"متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لە نێوان خوێندكارانی زانكۆدا "** ئەنجامبدەن، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: " 1- **ئایا متمانەی كۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لە نێوان خوێندكارن لە چ ئاستێكدایە؟ 2- ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان كاریگەری لەسەر ئەنجامی توێژینەوەكە هەیە یاخود نا ؟**

### 2.1. ئامانجەكانی توێژینەوەكە

أ- زانینی ئاستی متمانەی كۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین بەشێوەیەكی گشتی.

ب- زانینی ئاستی متمانەبەخۆبون لە نێوان خوێندكارانی زانكۆی ڕاپەڕین بەشێوەیەكی گشتی.

ج- دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانی (ڕەگەز، باری كۆمەڵایەتی، قۆناغی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبون)، لەسەر ئاستی متمانەی كۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەكە.

د. دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، قۆناغی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبون)، لەسەر ئاستی متمانەبەخۆبون لای نمونەی توێژینەوەکە.

### 3.1. گرنگیی توێژینەوەکە

هەمو توێژینەوەیەك، دەكرێت بایەخ و گرنگیی خۆی هەبێت، بە تایبەت لە سنوری بابەتەکەی خۆیدا، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە پرسێکی هەنوکەیی و توێژێکی چالاك و گرنگی کۆمەڵگە، کە خوێندکارانی زانکۆیە؛ بۆیە ئەم توێژینەوە لە دو لایەنەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە: لەڕوی تیۆرییەوە ئەم توێژینەوە کۆمەڵێك زانیاریی تیۆری بە زمانی کوردی سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون دەخاتەڕو، کە دەشێت یارمەتیدەر بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە تیۆرییەی لەسەر ئەم پرسە هەیە. واتە دەشێت ببێتە کەڵەکەبونی زانستی لەسەر ئەم بابەتە. هەروەها دەشێت ببێتە بناغەیەك بۆ توێژەرانی ئەم بوارە، تا لە ئایندەدا زیاتر تاووتوێی ئەم بابەتە بکەن.

لەڕوی پراکتیکیشەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە لە ڕێگەی زانیاری و داتا بەدەستهاتووەکانی بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتووە؛ ئەو ئەنجامانەش یارمەتیدەری زانکۆکانن بۆ ئاگاداربون لە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا، کە دەبێتە بنچینەیەکی باش و گرنگ، بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردنێکی تەندروست، یاخود پەیڕەوکردنی ئەو میکانیزم و ستراتیژە گونجاوانەی هۆکاری بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبونن لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا، چونکە زانکۆکان لە دڵنیابون لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانیی خوێندکارەکانیان بەرپرسیارن. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژەران ڕێگەخۆشکەردەبێت؛ بۆ ئەوەی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بکەن، بۆ دڵنیابون لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و بەراوردکردنی ئەنجامەکان، یاخود ئەو لایەنەی ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر نەکردووە.

## 2. دیاریکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### 1.2 متمانەبەخۆبون: self-confidence

بەشێوەیەکی گشتی ئاراستە و بۆچونەکان سەبارەت بە چەمکی متمانەبەخۆبون لەیەکەوە نزیکن، بەجۆرێك ئەم چەمکە بە توانا و لێهاتوییی تاکەکان دەبەستنەوە، وەکو چۆن (الکبیسی، 1987) سەبارەت بە متمانەبەخۆبون دەڵێت "بریتییە لە توانای باوەڕبەخۆبون و پشتبەخۆبەستن لە ئەنجامدانی کار و چالاکییەکان و هەستنەکردنە بەکەمی و شەرمنەکردنە لە بارودۆخە کۆمەڵاتییەکان و نەترسانە لەڕەخنەی کەسانی تر و داننانە بەهەڵەکانیدا" (الکبیسی، 1987: 265). بەهەمان شێوە (دۆسیک جیراردانۆ، 2000) دەڵێت: "متمانەبەخۆبون ئاماژەیە بۆ هەستکردنی بابەتیانەی تاک بۆ توانای ڕوبەڕوبونەوەی گرفت و بابەتە جیاوازەکان لە ژیانیدا، ئەم متمانەیە لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە کەسییەکانەوە گەشە دەکات، کە وەک بیرۆکەیەک لە مێشکدا دەستپێدەکات(مسعودی و غرغوط، 2018: 33). هەروەها (سەکیک، 2023) دەڵێت "بریتییە لە تواناکانی پشتبەخۆبەستن و بڕیاردانی خودی و خۆڕاگری، هەبونی ئاگاداریی لێهاتوییی کۆمەڵایەتی و کارلێکی لەگەڵ تاکەکانی تردا، هەروەها ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردانی ئەرێنی بۆ بابەتەکان (سکیک، 2023: 190)، بەڵام (لیی- lee) سەبارەت بە متمانەبەخۆبونی ڕوانگەیەکی کەمێك جیاوازتری هەیە و دەڵێت " متمانەبەخۆبون بریتییە لە چەمکێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی، کە پەیوەندی بە خۆوەدیهێنان لە بڕیار و توانا و وزەکانی تاکدا هەیە (الدوسری، 2019: 318).

لە میانەی ئەو پێناسانەی کە خستمانەڕو، دەتوانین پێناسەیەک بۆ چەمکی متمانەبەخۆبون بەم شێوەیە بکەین "متمانەبەخۆبون ئاماژەیە بۆ توانای باوەڕبەخۆبون و سودوەرگرتنە لە کارامەییە کەسییەکان بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکان و ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گرفت و ئاڵنگاریانەی لە ژیانیدا ڕوبەڕوی دەبنەوە".

### 2.2 متمانەی کۆمەڵایەتی - social trust

چەمکی متمانەی کۆمەڵایەتی زیاتر لای زانا کۆمەڵناسەکان بوّتە جێگەی سەرنج و بایەخپێدانەکانیان، چونکە ئەم چەمکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی هەیە. هاوکات ئەم چەمکە لە کۆمەڵناسیدا چەمکێکی تارادەیەك نوێیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا سێ بۆچونی جیاواز سەبارەت بە چەمکی متمانەی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆچونی یەکەم متمانەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتمەندیی تاکەکەسی دادەنێت، "ئەم ڕایە بە دەرونزانە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستە". دووەم: متمانەی کۆمەڵایەتی بە فاکتەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دادەنێن. ڕای سێیەمیش متمانەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن و وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن (قدیمی، 2007: 87). لەکاتێکدا کۆمەڵناسانی مۆدێرنە متمانەی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دادەنێن( Bouma and other, 2008: 155). هاوکات کۆمەڵناسان سێ جۆرە متمانەیان دیارکردووە: "متمانەی بنەڕەتی، متمانە لە نێوان کەسەکان، متمانەی گشتی- یان گشتگیر" (بهشت و خوب، 2019: 264). ئەم بۆچونە و ئاراستە جیاوازانەش وایانکردووە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم چەمکە ئاڵۆز بێت.

زانای کۆمەڵناسی ( ماکس فیبەر – Fieber) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و دەڵێت: "متمانەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەهایەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی، کە بۆچون و ئاراستە و ڕەفتاری تاک دیاری دەکات، بەمەبەستی دڵنیابون لە تاکەکانی تر، نهێنییەکانیان بۆ ئاشکرا دەکات، هەروەها متمانەکردنە بەو شتانەی کە هەیەتی (النداوی، 2013: 332). لە کاتێکدا زانای دەرونزانیی کۆمەڵایەتیی ئەمریکی (ڕۆیتەر- Rotter) بەمشێوەیە پێناسەی متمانەی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت: "متمانەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە چاوەڕوانییەکی گشتگیر، کەتاك دروستی دەکات و دەتوانێت پشت بەوشتانە ببەستێت، کە لەلایەن تاکێك یان گروپێکەوە دەردەچێت، جا ئەو شتە بەڵێنێك یاخود وشەیەك، یان لێدوانێکی زارەکی و نوسراو بێت" (Rotter, 1980: 1). بە هەمان شێوە (فرانسیس فۆکۆیاما- Fukuyama) دەڵێت: "متمانەی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو چاوەڕوانی و پێشبینییەی ئەندامێك لە ئەندامێکی تری ناو گروپێکی دەکات، کە ڕەفتاری ڕێکوپێك و ڕاستگۆ و هاوبەشیان هەیە، لەسەر بنەمای ئەو نۆرمە هاوبەشەی، کە قبوڵکراوە و لەسەری ڕێککەوتون" ( فۆکۆیاما، 1998: 41-42). لە کاتێکدا ( گیندز- Giddens) متمانەی کۆمەڵایەتیی بۆ چەند جۆرێك دابەشکردووە و دەڵێت: "متمانەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە باوەڕبون و متمانەکردن بەو کەسانەی لە پەیوەندیی ڕوبەڕودا دەیانناسین، وەك خێزان و خزم و هاوڕێیانی دامەزراو و ڕێکخراو و کەسانی وەك مامۆستا" (معیدفر و جیهانگیر، 2010: 52). هەروەها محمد لە ساڵی (2022) دا بەمشێوەیە پێناسەی دەکات "بریتییە لە ڕادەی باوەڕی مرۆڤ بەکاسانی دیکە و چاوەڕوانی کردار و نیەتی باشیانە و بە تەواوی ئاسودەیە بە پشتبەستن بە زانینی ئەوان" (محمد، 2022: 169). لەلایەکی ترەوە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

متانەی کۆمەڵایەتی لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە پێناسەی بۆ کراوە "متانەی کۆمەڵایەتی ئەو هەستە ئەرێنییەیە کە تاک بە لایەنی بەرامبەر هەیەتی، لە ئەنجامی ئەو متانە کۆمەڵایەتییەوە کار و کردەوە و ڕێککەوتنەکانی لەسەر ئەنجام دەدەن"(صالح، 2023: 9) .

لە میانەی ئەو پێناسانەی خستمانەڕو، دەتوانین پێناسەیەک بۆ چەمکی متانەی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە بکەین "متانەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پەیوەندییەی لەنێوان تاکێک لەگەڵ تاکێکی تر، یان لەگەڵ گروپێک، لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و وەفاداری بنیاددەنرێت، چاوەڕوانی ڕەفتاری باش لەیەکتر دەکەن و زانیارییە کەسی و نهێنییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن".

## 3. توێژینەوەکانی پێشو

**1.3.** توێژینەوەی (برکات، 2014) بەناونیشانی ***(الثقة الاجتماعية المتبادلة لدى طلبة جامعة القدس المفتوحة فی ضوء بعض المتغيرات).***

ئامانجی ئەم توێژینەوە زانینی ئاستی متانەی کۆمەڵایەتیی نێوان خوێندکارانە لە زانکۆی کراوەی قودس لەبەشی تولکرم لەژێر ڕۆشنایی گۆڕاوەکانی: (ڕەگەز، پسپۆری، شوێنی نیشتەجێبون، دەستکەوتی ئەکادیمی). بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی پەسنیی شیکاریی بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکە، (220) خوێندکاری لە هەردو ڕەگەز لە زانکۆی ناوبراو بەشێوەی هەڕەمەکیی چینایەتی نمونەکەی وەرگرتووە. توێژینەوەکە دەریخستووە ئاستی متانەی کۆمەڵایەتیی نێوان خوێندکاران لە ئاستێکی مامناوەندیدا بووە، هەروەها دەرکەوتووە هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە ئاستی متانەی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسپۆری، شوێنی نیشتەجێبون، دەستکەوتی ئەکادیمی) لە نێوان خوێندکاراندا نییە.

**2.3.** توێژینەوەی (اسماعیلی، 2014) بەناونیشانی ***(میزان و ابعاد اعتماد اجتماعی در میان دانشجویان دانشگاه آزاد اسلامی شهر تهران).***

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە بریتییە لە پێوانەکردنی ڕەهەندەکانی ئاستی متانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێنکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانە لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی پەسنی، بەرێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە وەرگرتووە. هەروەها (385) خوێندکاری لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە ڕەگەزی نێر و مێ بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە. لە گرنگترن ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەکە دەریخستووە بریتییە لە : متانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە ئاستێکی بەرزدایە، هاوکات دەرکەوتووە جیاوازی لە ئاستی متانەی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بونی نییە.

**3.3.** توێژینەوەی (حموری،2020) بە ناونیشانی ( ***الثقة بالنفس لدى الطلبة الموهوبين موسيقيا في ضوء بعض المتغيرات***).

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی متانەبەخۆبون لەنێوان خوێندکارانی بەتوانای مۆسیقادا لەژێر ڕۆشنایی هەندێک گۆڕاودا، بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی پەسنیی شیکاری وەرگرتووە. نمونەی توێژینەوەکەی لە(97) خوێندکاری کچ و کوڕ لە قوتابخانەکانی بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی/ بنی عبید لە پارێزگای اربد پێکهاتووە، بەشێوەی مەبەستدار نمونەکەی وەرگرتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، متانەبەخۆبون لەنێوان خوێندکارانی زیرەکی مۆسیقادا لە ئاستێکی بەرزدابووە. هەروەها دەرکەوتووە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی متانەبەخۆبون بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و دەستکەوتی ئەکادیمی) نییە.

**4.3.** توێژینەوەی(الدمینی, 2020) بەناونیشانی (***الثقة بالنفس و علاقتها ببعض المتغيرات لدى طلبة كلية التربية في جامعة ذمار***).

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئاستی متانەبەخۆبون لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی زمار، هاوکات دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە. بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی پەسنی وەرگرتووە. نمونەی توێژینەوەکە، (214) خوێندکاری لە هەردو ڕەگەز لە زانکۆی زمار بەشێوازی هەڕەمەکیی چینایەتی وەرگرتووە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە متانەبەخۆبون لە نێوان خوێندکارانی زمار لە ئاستێکی بەرزدایە، هاوکات دەرکەوتووە متانەبەخۆبون لای خوێندکارانی ڕەگەزی نێر بەرزترە بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ. لە کۆتاییشدا دەرکەوتووە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی متانەبەخۆبون بەپێی گۆڕاوی (پسپۆری) نییە.

**5.3.** توێژینەوەی (Nesterova، 2020) بە ناونیشانی ( ***Trust as A Cognitive Base of Social Cohesion in The University Communities).***

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئاستی متانە و پەیوەندییەتی بە بەیەکگرتوییی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای زانکۆکاندا. بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی پەسنیی بەکارهێناوە. هاوکات نمونەی توێژینەوەکەی لە (197) خوێندکار و فەرمانبەری لە هەردو زانکۆی نیشتمانیی پێداگۆژیی دراگۆمانۆڤ و زانکۆی نیشتمانیی زانستی ژیان و ژینگەییەکانی ئۆکرانیا بەشێوەیەی هەڕەمەکیی چینایەتی وەرگرتووە. توێژینەوەکە دەریخستووە متانە بە شێوەیەکی گشتی لە هەردوو زانکۆدا لە ئاستێکی مامناوەندا بووە. هاوکات جیاوازییەکی کەم لە ئاستی متانە لە نێوان خوێندکاران و فەرمانبەراندا هەیە.

**6.3.** توێژینەوەی (Rezaei and others , 2021 )بەناونیشانی ( ***The relationship between spiritual health and social trust among students).***

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان تەندروستیی ڕۆحی و متانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی ئێرانیدا، بۆ ئەم مەبەستە سودی لە میتۆدی پەسنیی شیکاری وەرگرتووە، نمونەی توێژینەوەکەی (686) خوێندکارە لە شاری سنە لە ڕۆژئاوای ئێران، لە پێنج زاکۆ بەشێوەی هەڕەمەکیی چینایەتی نمونەکەی وەرگرتووە. توێژینەکە دەریخستووە تاکو تەندروستیی ڕوحی بەرزتر بێت، متانەی کۆمەڵایەتی زیاترە، هەروەها دەرکەتووە ئەو خوێنکارانەی کە باوک و دایکیان خوێندەوارییان هەیە، متانەی کۆمەڵایەتییان لەو خوێندکارانە بەرزترە کە دایک و باوکیان نەخوێندەوارن.

**7.3.** توێژینەوەی ( مازندرانی و دیگران، 2022). بەناونیشانی (***مسئله اعتمادی اجتماعی در میانی دانشجویان – مورد مطالعه :دانشگاه پیام نور تهران).***

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوانەکردنی ئاستی متانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نور. بۆ ئەم مەبەستەش سوودیان لە میتۆدی پەسنی وەرگرتووە. نمونەی توێژینەوەکەیان لە (372) خوێندکاری زانکۆی پەیامی نور پێکهاتووە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەم ژمارە خوێندکارەیان هەڵبژاردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە بەشێوەیەکی گشتی ئاستی متانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاراندا نزمە؛ بەجۆرێك لە (1.97%)ی خوێندکاران، ئاستی متانەی کۆمەڵایەتییان مامناوەندە و لە (2.9%) خوێندکاران ئاستی متانەی کۆمەڵایەتییان

بەرزە. واتە بەشـێوەیەکی گشـتی ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاراندا نزمە.

**8.3.** توێژینەوەی (یوسـف و محمد،2024) بەناونیشـانی ***(الثقة الاجتماعية بين طلبة الجامعة).***

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانینی ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان خوێندکارانی زانکۆی دیەمشـقە. هەروەها دەرخسـتنی جیاوازیی ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، پسـپۆڕی خوێندن، ساڵی خوێندن و باری هاوسـەرگیری). بۆ ئەم مەبەسـتە سـودی لە میتۆدی پەسـنیی شـیکاری وەرگرتووە، نمونەی توێژینەوەکە (227) خوێندکاری کچ و کوڕی هەردو بەشی پزیشـکی و بەشی کۆمەڵناسی بووە لە زانکۆی دیەمشـق، بەشـێوەی هەڕەمەکیی چینایەتی نمونەکەی وەرگرتووە. توێژینەوەکە دەریخسـتووە ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکاران بە شـێوەیەکی گشـتی لە ئاستێکی مامناوەندیدایە. هاوکات دەرکەوتووە ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی مێینە زیاترە بەبەراورد بە نێرینەکان. هەروەها ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی لای قۆناغی یەکەم بە بەراورد بە قۆناغەکانی تر بەرزترە. هەروەها ئاسـتی متمانەی کۆمەڵایەتی لای کەسـانی سـەڵت زیاترە، بەبەراورد بەو خوێندکارانەی هاوسـەردارن. لە کۆتاییشـدا دەرکەوتووە هیچ جیاوازییەک لە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پسـپۆڕیی بەشەکان نییە.

## 4. تیۆرەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە

لەم بەشـەدا هەوڵدراوە باشـترین تیۆرەکانی تایبەت بە متمانە بە شـێوەیەکی گشـتی بخەینەڕو، کە خۆی لە هەردو تیۆریی (تیۆریی هـاوەدەنگیی کۆمەڵایەتیی ئەمیـل دۆرکهایم، تیۆریی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی ڕۆبێرت پوتنام) لەخۆدەگرێن:

### 1.4. تیۆریی هاودەنگیی کۆمەڵایەتیی ئەمیل دۆرکهایم- Dorkheim's theory social solidarity

دۆرکهایم لە جیاتی متمانە، باس لە چەمکی هاودەنگیی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام ئەم چەمکە لەڕوی بونیاد و ئەرکەوە لەیەکترییەوە نزیکن. دۆرکهایم ئاماژە بەوە دەکات دابەشکردنی کار، ئەرکێکی زۆری کۆمەڵایەتیی هەیە، یارمەتیدەرە لە پاراسـتنی متمانە، چونکە بەهۆی دابەشکردنی کارەوە یەکە جیاوازەکان وەک پێداوسـتیی خوێندکاران و پەیوەندیی سـۆزدای و کۆمەڵایەتی و کاروباری ڕۆژانەیان و تەواوکردنی کارەکانیـان جیاوازن و بەیەکەوە وابەسـتەن؛ بۆیە متمانە بەرەوپێش دەبەن ( khattri, 2021: 95) ئەمەش وایکردووە دۆرکهایم جیاوازی لەنێوان دو کۆمەڵگادا بکات.

**یەکەمیان:** کۆمەڵگا سـادەکان، پێیوابو ئەم جۆرە کۆمەڵگایە فشـارێکی بەهێز بەسـەر تاکەکاندا دەسـەپێنێت، کە نۆرم و بیروباوەڕەکانن، ئەمەش هۆشـیارییەک بە کۆمەڵ یان شـێوازێکی هاوبەش بۆ تێگەیشـتن لە ڕەفتار و کردەوەی تاکەکان پێکدەهێنن. ئەم هۆشـیاریە بەکۆمەڵەش تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە و بەشـێوەیەکی گشـتی یەکگرتوییی کۆمەڵایەتی و متمانە دروسـتدەکات. بەواتای ئەوەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە لەسـەر بنەمـای هـاوئـاهەنگیی میکانیکی دامەزراوە، کە تێیـدا مرۆڤە خۆبژێوەکان بە پەیوەندیی نەریتی کەسی نزیک بە کەسـانی دیکەوە گرێدراون. لەم جۆرە کۆمەڵگەیە خێزان و ئاین ڕۆڵی یەکلاکەرەویان لە دروستبونیدا هەیە. **دووەمیان:** جۆری دووەمی ئـەو کۆمـەڵگـەی دۆرکهـایم دیاریی کردووە، برتییـە لە کۆمەڵگـە مۆدێرنەکان لەسـەر بنەمای هاودەنگیی ئۆرگانیک دامەزراون، کە تێیدا مرۆڤەکان لەسـەر بنـەمـای دابەشـکردنی کار و پسـۆڕی و پرۆفیشـناڵی بەیەکەوە دەبەسـترێنەوە(Boundless, 2024: 43). ئەمەش وادەکات تاکەکان بە ناچاری بۆ ئەنجامدانی چالاکی و کاروباری ڕۆژانەیان پێویستیان بەیەکتری بێت. بێگومان ئەمەش پێویسـتی بە هاوئاهەنگیی ئۆرگانی و متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە.

ئەم کۆمەڵگەیە ئێسـتا ئێمەی تێدا دەژین کۆمەڵگـایـەکی مۆدێرن و پڕە لە کاری پسـپۆڕی و پرۆفیشـناڵ؛ بۆیە دۆرکهایم پێیوایە کە متمانەی کۆمەڵایەتی واتا پەیوەندیی نێوان تاکەکان کلیل و ڕەمزی پاراسـتنی کۆمەڵگەیە، چونکە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەبۆنەی پرۆفیشناڵبونی کارەکانیان و شارەزاییی پسپۆڕانەی تاکەکان لە بوارەجیاجیاکان و بەهۆی پێداویستیی ئەوان بە یارمەتی و خزمەتگوزاری بەیەکتر، پێویستیان بە متمانە و هاودەنگی هەیە. ئەو متمانە و هاودەنگییە ئۆرگانیەش لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی پرۆسەی دابەشبونی کار و سەرهەڵدانی پسپۆڕی لە بواری جیاوازدا هاتۆتە بەرهەم (دیلانی، 2016: 285). کەواتە خوێندکارانی زانکۆ، لەسـەر بنەمای پێویسـتی و هاوکاریکردنی یەکتری، متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان یەکتریدا بنیاد دەنێن، بۆ دابینکردنی پێویسـتیی نێوان خوێندکاران لەسـەر بنەمای جیاوازیی کارەکانیان و بەیەکەوەبەسـتنی کارەکانیان. بە دەربڕینێکی تر لە جیهانی ئێسـتادا، کە پڕە لە دابەشـکردنی کار و پرۆفیشـناڵی و پسـپۆڕی و بەجیهانیبون و فراوانبونی تەکنەلۆژیا، بۆتە هۆی ئەوەی هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ یەکگرتویی و ئاوێتەبون و متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکاندا بونی نەبێـت. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی خوێنـدکارانی زانکۆ ڕەفتـار و چـالاکی و ڕۆڵەکانیـان بەپێی ئەو یاسـایانە ڕێکبخەن، کە بەپێی بەها و نەریت و نۆرمەکان داڕێژراون و لە سـەردەمی ئێسـتادا گرنگن. لەلایەکی ترەوە توانای پەیوەندیکردن و پێشـبینیکردنی ڕوداوەکانیان هەبێت و بەشـێوەیەک ڕەفتار و کارلێك و پەیوەندی بکەن، کە ببێتە هۆی پەرەپێـدانی متمانە و هـاوئـاهەنگیی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکاران، چونکە هەر خوێندکارێک شـارەزایی و پسـپۆڕی و پرۆفیشـناڵی لە کارێـک وەردەگرێـت، سـەرەڕای جیـاوازیی کارەکان، بەڵام لەپێنـاو پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و پێویستبون بەیەکتری، خوێندکاران هاودەنگی و متمانەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان دروسـتدەکەن، چونکە متمانە و هاوکاریی نێوان تاکەکان پێویستییەکی نکۆڵیلێنەکراوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و داواکارییەکان.

خوێندکاران، لەڕوی تەمەن و ڕەگەز و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری و زانستییان جیاوازن، بەڵام لەپێناو ئەنجامدانی کارەکانیان متمانەی کۆمەڵایەتی دەبەسـتن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسـانکاری و یارمەتیدانی یەکتری لەسـەر بنەمای پێویسـتی، لەئەنجامدا کارەکان ئاسـانتر و دەسـتکەوتی زیاتریان دەبێت لەڕوی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری لەنێوان خوێندکاراندا (عمر، 2022: 11).

### 2.4. تیۆریی سـەرمایەی کۆمەڵایەتیی ڕۆبێرت پوتنـام - Robert Putnam's theory of social capital

پوتنام متمانە وەک نیشـاندەر و ڕەهەندێکی سـەرەکیی سـەرمایەی کۆمەڵایەتی دەبینێت. هەروەها لەبنەڕەتدا پوتنـام ئـاماژە بەوە دەکات، هەسـتکردن بە متمانە هۆکاری ئاسودەیی و سەقامگیریی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. هاوکات پوتنام سود لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێـت و جەخـت لەوە دەکاتەوە "ئەو تاکانەی پەیوەنـدی دروسـتدەکەن، فێری لێبوردەیی و هاوسـۆزیی زیاتر دەبن، چونکە ئامادەن گوێ لە دیـدگـاکانی تر بگرن و متمانە بەیەکتر دروسـتبکەن."(Egbonu, 2022: 160). لەبەرئەوە خوێنـدکاران لە دامەزراوەی زانکۆدا لە پەیوەنـدی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی

بەردەوامدان و هاوکاری یەکترن و سود لەیەکتر وەردەگرن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی متمانە بەیەکتری بکەن؛ بۆیە پوتنام باس لە دوو جۆر متمانە دەکات: یەکەمیان متمانەی "ئەستور- بەهێز"، دووەمیان متمانەی "تەنک-لاواز". متمانەی "ئەستور- بەهێز" متمانەیە بە کەسێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای ئەزمونە کەسییەکان بنیاددەنرێت. لەکاتێکدا "متمانەی تەنک- لاواز" ئەو متمانەیە لەچوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و نۆرم و بەهاکان بنیاددەنرێت (Martikke, 2017: 5).

ئەمانە وایان لە پوتنام کرد، لە ئەنجامی چەند توێژینەوەیەک بگاتە چەند ئەنجامێک، متمانەی خوێندکاران بەخۆیان و بەیەکتری یاخود متمانەی خوێندکاران بە دامودەزگاکانی کۆمەڵگا وەک زانکۆ بەشدارن لە گەشەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە، چونکە بڕوای وایە کاتێک متمانە زیادیکرد بەشداریکردن و هاوکاریکردن گەشەدەکات، بەڵام کاتێک ئاستی متمانە کەم دەبێتەوە بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی دادەبەزێت و دۆخی نامۆبون زاڵدەبێت. هەروەها لەدەستدانی متمانەی تاکەکان بە دامەزراوە کۆمەڵاتییەکان، دەبێتە هۆی دروستبونی هەستی نەرێنی وەک بێباکی، نەبونی سەربەخۆیی، پەراوێزخستن، هەمو ئەمانە هەڕەشە لە متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان دەکەن. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو گروپانەی ئەندامەکانیان متمانەی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا هەبێت، خوێندکارانی زانکۆ، توانای دەستەکەوتی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییان زیاترە، بە بەراورد بەو گروپانەی متمانەی کۆمەڵایەتییان بەیەکتر لاواز یاخود نەبێت(بن سفران، 2022: 160). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، خوێندکارانی زانکۆ بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی راستەخۆ و کارلێکێکی بەردەوام، بەهۆی کار و چالاکییەکان و ژینگەی زانکۆ، لە نێوانیاندایە؛ متمانەیەکی کۆمەڵایەتی"بەهێز" لەنێوانیاندا دروست دەبێت، چونکە بە پێی بۆچونی پۆتنام کاتێك پەیوەندی و کارلێکی نێوان گروپێك لەسەر بنەمای ئەزمونی کەسی و بەشێوەیەکی راستەخۆ بێت، ئەوا متمانیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و تۆکمە لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

## 5. گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکانی سەر متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون

هەریەکێک لەم هۆکارانە، بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەریی خۆیان لەسەر متمانە هەیە، هۆکارەکانیش بەمشێوەی خوارەوەن:

**أ- هۆکاری ئاین:** زۆربەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان خاوەن ئاینی تایبەتی خۆیانن. ئاین ڕۆڵێکی بێوێنە لە دروستبونی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لەنێوان تاکەکاندا دەگێڕێت، چونکە ئاین هاندەرێکە بۆ ئەوەی تاکەکان پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای متمانە بنیادبنێن، چونکە زۆربەی تاکەکان ئاین وەک ڕێنیشاندەرێک و جێبەجێکردنی ڕێنمایی ڕۆژانەی خۆی وەریدەگرێت و لە ژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێیدەکات، ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ دروستبونی متمانە، چونکە ئاین، خەڵک بۆ دروستکردنی متمانە لەسەر بنەمای ئاین و بەرژەوەندیی هاوبەش هاندەدات ( المهیدات و بنی عواد، 2022: 67). هەریەکە لە توێژینەوەکانی (دیوکلائی و دیگران، 2014) و (زادە و دیگران، 2017) لە توێژینەوەکەیاندا بەو ئەنجامە گەیشتون، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ئاین و متمانەدا هەیە. کەواتە ئاین وەک پێویستیی دەرونی و کۆمەڵایەتی، یەکێک لە بنەما ئاینییەکان متمانە دێنێتە کایەوە، چونکە لە پێناو ئاین و ڕازیبون لێخۆشبونێک هاندەرە بۆ بنیاتنانی متمانە.

**ب- هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری:** لەبەر ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و دانەبڕاوە لە تاکەکانی تر، ئەمەش بۆ دروستکردنی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون، هۆکارێکی گرنگە، جا ئەم متمانەیە لەڕوی سۆزدای یان هاوڕێیەتی و خزمەیەتیدا بێت، چونکە مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت پێویستییەکانی دابین بکات؛ بۆیە بە دروستکردنی ئەم متمانەیە دەتوانێت پێداویستیی مادی و نامادی بەدەستبهێنێت. (العنزی، 2010: 11). بۆیە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون هەیە؛ وەکو چۆن (زادە، 2007) لە ئەنجامی توێژینەوەکەی بە ناونیشانی" ***عوامل مؤثر بر شکل گیری اعتماد اجتماعی دانشجویان***" بەو ئەنجامە گەیشتووە، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی وەك "سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی"کاریگەرییان لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی هەیە.

هەروەها متمانە و هۆکارە ئابورییەکان بەیەکەوە گرێدراون، چونکە باردوخی ئابوری کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانبەخۆبون هەیە. سەقامگیریی ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی متمانەدا دەگێڕێت؛ کاتێک خەڵک هەست بە ئاسایشی ئابوری و سەقامگیر دەکات، متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبونی زیاتر دەبێت، جگە لەمەش دڵنیایی لە باشترکردنی بارودۆخی کارکردن لە کۆمەڵگەدا، لە بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانبەخۆبون بەشدارە. هەروەها دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بۆ تاکەکان بەبێ جیاوازی، ئەمەش وادەکات تاکەکان متمانەیان بەرزتربێت. گەشەی ئابوری دەتوانێت ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، چونکە بەشدارە لە باشترکردنی ژیان و گەوزەرانی تاکەکاندا، هەروەها یەکسانی و دادپەروەریی ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی متمانەی نێوان تاکەکاندا دەگێڕێت (الغازی، 2022: 63)، وەك چۆن (تبریزی و دیگران، 2019) لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی" ***عوامل مؤثر بر اعتماد اجتماعی دانشجویان ایرانی خارج از کشور :مورد پژوهی دانشگاههای کشور آلمان***" بەو ئەنجامە گەیشتون، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابوری کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی هەیە.

**ج- نۆرم و بەهاکان:** متمانە کۆمەڵێک بەڵێن و بەهای پابەندییە، تاکەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و دامەزراوەکاندا بونیادی دەنێن. بەڕای" فارانسیس فۆکۆیاما، متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون لە سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا بەشێکی گرنگن، کە دەبنە هۆی هاوکاری و لێکنزیکبونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە. متمانە بەو چاوەڕوانییە دەڵێن کە لەسەر بنەمای پێوەر و بەهای هاوبەش دەوەستێت و بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا ڕەچاوی دەکەن، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە خاوەن ئاستێکی بەرزی ڕێخراوەیی و بەشداریی کۆمەڵایەتینە(محەممەد، 2019: 187)، ئەمەش ئەو بیر و باوەڕ و متمانەی لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانە و هاوکارانە پەروەردە دەبێت، کاتێک ئەم نۆرمانە جەخت لەسەر ڕاستگۆیی و هاوکاری دەکەن، ژینگەیەکی پڕ لە متمانە لە نێوان تاکەکاندا دروست دەبێت، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو سزا و یاسا و ڕێسایە بێت، کە کۆمەڵگا بۆ لادان لە نۆرم و بەهاکان دایناون، کاتێکیش لە کۆمەڵگادا بەهای هاوبەش وەک دادپەروەری و گیانی خۆبەخشی هەبێت، هەست بە متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون دەکرێت، چونکە ئامانجی هاوبەش دیاریدەکرێت و وادەکات بەئاسانی متمانە بە تاکەکانی تر بکەی، چونکە تاکەکان پێیانوایە بەپێی ئەم بەها هاوبەشانە مامەڵە دەکەن، هەروەها کاتێک ڕێزگرتن و لێکتێگەیشتن لە نێوان گروپە جۆراوجۆرەکاندا هەبێت متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەبەخۆبون بەهێزتر دەبێت ( popper, 2013: 454)، وەکو چۆن (زادە و دیگران ، 2017)، لە توێژینەوەکەیان بەو ئەنجامە گەیشتون پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان بەها و ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگە و متمانەی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

**د. هۆکاری دامەزراوەیی:** شەرعیەت و دادپەروەریی دامەزراوەکان لە بنیاتنانی متمانەی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە؛ کاتێک دامەزراوەکان بە شێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە کاردەکەن، دڵنیان لەوەی کە یاسا و ڕێساکان بە شێوەیەکی بەردەوام جێبەجێ دەکرێن، هاوولاتیان زیاتر متمانەیان پێدەکەن. ئەم متمانەیە لە خودی دامودەزگاکان تێدەپەڕێت، کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی تێڕوانینی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگادا هەیە؛ بۆ نمونە سیستەمێکی یاسایی دادپەروەرانە و بێلایەنانە دڵنیایی دەداتە هاوولاتیان کە ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی متمانە بە نەزمی کۆمەڵایەتیی فراوانتر، ئەدای کارکردن و متمانەپێکراوی دامەزراوەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو دامەزراوەی کە کاریگەرانە بەڵێنەکانیان جێبەجێ دەکەن- وەک پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، پاراستنی مافەکان- ئەو باوەڕە بەهێز دەکەن، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندیی چاکەی گشتی کاردەکات. ئەم نمایشە متمانە دروست دەکات کە دامەزراوەکە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا مامەڵە دەکات، بەمەش هاوولاتیان بۆ متمانەکردن بە هەردو دامەزراوەکە و یەکتری، هاندەدات. بۆ نمونە سیستەمی زانکۆ، کە بە باشی کاردەکات و دەستراگەیشتنێکی دادپەروەرانە بە چاودێریی کوالیتی دابیندەکات، دەتوانێت متمانە لە نێوان تاکەکاندا بەرز بکاتەوە، چونکە تاکەکان دەبینن کە پێداویستییەکانیان دابیندەکرێن و هەست بە ئاسایش دەکەن بەو زانیارییەی کە ئەوانی دیکە هەمان خزمەتگوزاری وەردەگرن (Martinangeli, 2020: 4)، وەکو چۆن (محمد, 2022) لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (***تصور مقترح لتنمية الثقة االجتماعية المتبادلة في ضوء نظرية روتنبرج***) بەو ئەنجامە گەیشتووە، کاتێک دامەزراوەکان ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن، لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی یاسایی و یەکسان، دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان. هەریەکێک لەم هۆکارانە بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ لە متمانەی کۆمەڵایەتی بەشدارن، مەرج نییە هەمو هۆکارەکان هەبن بۆ ئەوەی متمانەی کۆمەڵایەتی دروستببێت لەنێوان تاکەکاندا، بەڵکو دەشێت یەکێک لە هۆکارەکان لە کۆمەڵگایەکدا بەشداربێت لە دروستبونی متمانە، کە بەشێوازێکی ڕون لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

## 6. میتۆدی توێژینەوەکە - Study Method

ئەم توێژینەوەیە بە ئاڕاستەی چەندایەتی (Quantitative Approach) ئەنجام دراوە. (کریسوێل، 2003) پێی وایە ئەم ئاڕاستەیە پارێزگای لە پارادایمی ئەزمونگەری دەکات، واتە توێژینەوەکە سەربەخۆ دەبێت لە توێژەر بە هۆی بەکارهێنانی داتا و ئامار بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی واقعی، ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێ لایەنی بمێنێتەوە (Mahmood and Anwar,2024: 64). میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، بە ئامانجی وەسفکردن و پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە. ئەمەش لەمیانی جێبەجێکردنی پێوەری تایبەت بە گۆڕاوەکان.

## 7. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە -Community

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی خوێندنی بەیانیانی(زانکۆی ڕاپەڕینە) بە هەردو کەمپەسی "ڕانیە و قەڵادزێ" لەخۆدەگرێت. بە جۆرێك هەردو کەمپەسەکە لە (7) کۆلێژ پێکهاتووە، بەپێی دواین ئاماری زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) لە(4693) خوێندکار پێکهاتووە.

$$N = \frac{4693}{1+ 4693\times (0.05)^2} = 368\approx 370$$

## 8. نمونەی توێژینەوەکە- Sample

لەم توێژینەوەیەدا، پەنابراوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکیی چینایەتی لە جۆری ڕێژەیی (Stratified random samples). واتە بە بەپێی ڕێژەی هەر کۆلێژێك نمونە وەگیراوە بە شێوەی هەڕەمەکی، کۆی گشتیی نمونەی وەگیراو بریتییە لە (370) خوێندکار، بە جۆرێك ( 189) مێ و (181) نێرە، بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەکە پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بە پێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (0.05).

## 9. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

### 1.9. پێوەرکانی توێژینەوەکە:

بۆ پێوانەکردنی ئاستی "متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر" لە نێوان خوێندکاراندا توێژەران پێوەری (ڕۆیتەر – Rotter،1967)یان بە گۆڕانکارییەوە وەرگرتووە، بەشێوەی سەرەتایی لە (25) بڕگە پێکهاتووە. هاوکات توێژەران بۆ گونجاندنی پێوەرەکە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، گۆڕانکاری لە هەندێك بڕگەکانی پێوەرەکەدا کراوە، هەروەها سود لە هەردو تیۆریی توێژینەوەکە وەرگیراوە. هەروەها بۆ پێوانەکردنی ئاستی "متمانەبەخۆبون"، توێژەران پێوەری (امال، 2022)یان بە گۆڕانکارییەوە وەرگرتووە، کە بەشێوەی سەرەتایی لە ( 25) بڕگە پێکهاتووە.

### 2.9. تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان

**أ- ڕاستیی بونیادی** - Contract Validity: توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پێرسۆن وەگرتووە؛ پێوەری "متمانەبەخۆبون" لە (25) بڕگە پێکهاتووە، هەروەها پێوەری "متمانەی کۆمەڵایەتی"یش لە (25) بڕگە پێکهاتووە. وەکو لە خشتەی(1) دەبینرێت. لە پێوەری" متمانەبەخۆبون" (20) بڕگە پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەکانی ( 23،20،15،9،2) پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان نەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ((P-Value>0.05)، بۆیە ئەم پێنج بڕگەیە دەسڕێنەوە. هاوکات لە پێوەری" متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر"یش (22) بڕگە پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەکانی (25،16،6) پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان نەبو، بە لەبەرچاوگرتنی ((P-Value>0.05)، بۆیە ئەم سێ بڕگەیە دەسڕێنەوە.

خشتەی(1)

ڕاستیی بونیادی پێوەری"متانەی بەخۆبون و متانەی کۆمەڵایەتی" ڕوندەکاتەوە

| پێوەر | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| متانە بەخۆبون | 1 | 0.363** | 10 | 0.438** | 19 | 0.465** |
| | 2 | 0.268 | 11 | 0.495* | 20 | 0.400 |
| | 3 | 0.426** | 12 | 0.500** | 21 | 0.601** |
| | 4 | 0.306** | 13 | 0.465** | 22 | 0.509** |
| | 5 | 0.380** | 14 | 0.542** | 23 | 0.229 |
| | 6 | 0.438** | 15 | 0.136 | 24 | 0.424** |
| | 7 | 0.447* | 16 | 0.542** | 25 | 0.573* |
| | 8 | 0.542** | 17 | 0.438** | | |
| | 9 | 0.433 | 18 | 0.500** | | |
| متانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر | 1 | 0574** | 10 | 0.462** | 19 | 0.495* |
| | 2 | 0.661** | 11 | 0.576** | 20 | 0.646** |
| | 3 | 0.482** | 12 | 0.591** | 21 | 0.576** |
| | 4 | 0.718** | 13 | 0.498** | 22 | 0.591** |
| | 5 | 0.606** | 14 | 0.627** | 23 | 0.498** |
| | 6 | 0.254 | 15 | 0.490** | 24 | 0.435* |
| | 7 | 0.671** | 16 | 0.160 | 25 | 0.195 |
| | 8 | 0.646** | 17 | 0.668** | | |
| | 9 | 0.416** | 18 | 0.490** | | |

** P-Value<0.05 ** P-Value<0.01*

**ب. جێگیری "Reliability" بۆ پێوەری توێژینەوەکە:** توێژەران بۆ جێگیری هەردو پێوەری "متانەبەخۆبون و متانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر"هەردو ڕێگەی (Split-Half Coefficient, Internal Consistency)یان بەکارهێنــاوە، کە هەریەکێك لەو تاقیکردنەوانە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك هەیە:

**- چۆنایەتیی ناوخۆیی- Internal Consistency:** توێژەران سودیان لە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ وەرگرتووە، چونکە ئەم هاوکۆلکەیە بۆ نیشـــاندانی ئاســـتی جێگریی پێوەرەکە گونجاوە، وەك لە خشـــتەی (2)دا دەبینرێت، بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ پپێوەری "متنــانەبەخۆبون" (0.709)یە، ئەمەش بە ئـاســـتێکی باشی جێگیری دادەنرێت. هەروەها بەهای ئەلفا کرۆنباخ بۆ پپێوەری "متنانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر" (0.879)یە. ئەمەش بە ئاستێکی زۆر باشی جێگیری دادەنرێت.

**- کەرتکردنی پێوەرکە بۆ بڕگەی جوت و تاك- Split-Half Coefficient**

توێژەران هەردو پێوەرەکەیان بۆ دونیوە کەرتی بڕگەی جوت و تاك لە ڕێگەی تاقـیـکـردنەوەی (Guttman Split-Half Coefficient) و ( Alpha's Cronbach) ئەنجامدا، بەهای پێوەری "متمانەبەخۆبون" بریتیی بوو لە (0.668)، ئەمەش ئاســـتێکی تاڕادەیەك باشـــە بۆ جێگریی هەر پێوەرێك. هەروەها بەهای پێوەری "متانە ی کۆمەڵایەتی بەیەکتر" بریتیی بوو لە (0.918)، ئەمەش ئاســـتێکی زۆر باشە بۆ جێگیری هەر پێوەرێك. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2)

ئاستی جێگیری بۆ پێوەری "متانەبەخۆبون، متانەی کۆمەڵایەتی" نیشاندەدات

| متانەبەخۆبون | ژ. بڕگە | Mean | Alpha's Cronbach | Guttman Split-Half | Spearman-Brown |
|---|---|---|---|---|---|
| Part 1بڕگەی تاك - | 10 | 3.537 | 0.607 | | |
| Part 1بڕگەی جوت- | 10 | 3.346 | 0.525 | 0.668 | 0.668 |
| Both Parts | 20 | 3.441 | 0.709 | | |
| متانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر | ژ. بڕگە | Mean | Alpha's Cronbach | | |
| Part 1بڕگەی تاك - | 11 | 2.111 | 0.769 | | |
| Part 1بڕگەی جوت- | 11 | 2.220 | 0.750 | 0.918 | 0.918 |
| Both Parts | 22 | 2.165 | 0.879 | | |

## 10- نۆرماڵەتیی داتاکان- Normality "دابەشبونی سروشتی داتاکان"

بۆ دابەشـــبونی سروشـــتیی داتاکان ســـودمان لە تاقیکردنەوەی ( Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتووە. وەك لە خشـــتەی (3) دەردەکەوێت. بەهای تاقیکردنەوەکە بریتییە لە (p.value > 0.05)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە داتا بەدەســـتهاتووەکان بەشـێوەیەکی سروشـتی دابەشـبوون، بەمەش دەتوانین سـود لە ئامارە پاڕامەترییەکان وەربگرین و گشتاندن بۆ ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە بکەین.

خشتەی (3)

دابەشبونی سروشتیی داتاکان نیشاندەدات

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | N | Mean | Kolmogorov-Smirnov p.value | Kolmogorov-Smirnov Z |
|---|---|---|---|---|
| متانەبەخۆبون | 370 | 3.441 | 0.200 | 0.040 |
| متانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر | 370 | 2.165 | 0.153 | 0.097 |

## 11. گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکان

**- ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاســـتی (متانەبەخۆبون و متانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر) لای نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی**

**1.11. بەمەبەســـتی پێوانەکردنی ئاســـتی "متانەبەخۆبون"** لای نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (4)دا دەرکەتووە، ناوەنـدی ژمێرەیی متانەبەخۆبون بریتییە لە (3.441)، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " تاڕادەیـك " و "زۆرجـار"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە متانەبەخۆبون لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاستێکی بەزردایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە بریتییە (0.451) ئەمەش دەریدەخات جیاوازیی نێوان نمونەی توێژینەوەکە ســـەبارەت بە متانەبەخۆبون کەمە. ئەم ئەنجامەش هاوشـێوەی توێژینەوەکانی توێژینەوەی (حموری-2020، الدمینی-2020)ە؛ کە "متانەبەخۆبون" لە نێوان خوێنـدکارانی زانکۆ لە

ئاستێکی بەرزدایە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە دامەزراوەی زانکۆ توانیویەتی پەرە بە توانا و لێهاتوییەکانی خوێندکاران بدات؛ لەڕێگەی پێدانی ئەرك و کاری تاکەکەسی بە خوێندکاران و هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران، کە خاوەن توانا و لێهاتویی سەربەخۆی خۆیانن. یاخود خوێندکاران بەهۆی ئەزمونی سەرکەوتنیان لە کارە سەربەخۆ و چالاکییە زانستییەکاندا هەستی متمانەبەخۆبونی لا دروست کردوون.

**2.11. بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی "متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر":** بەهەمان شێوە توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (4) دەرکەوتووە : ناوەندی ژمێرەیی متمانەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (2.165)، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بەکەمی" و "تارادەیەك"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاستێکی نزمدایە، یاخود بە دەربڕینێکی تر ئاستەکەی لە خوار ناوەندیدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە بریتییە (0.714)، ئەمەش دەریدەخات جیاوازیی نێوان نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە متمانەبەخۆبون کەمە. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەکانی (مازندرانی و دیگران، 2022)، کە بەو ئەنجامە گەیشتبون"متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر" لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستێکی نزمدایە. هەروەها پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی هەریەکە لە (برکات، 2014)، (اسماعیلی، 2014)، (Nesterova، 2020)، (یوسف و محمد،2024)، کە ئەم توێژینەوانە ئەو ئەنجامە گەیشتبون، متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ لە ئاستێکی "بەرز– ناوەند" دایە؛ بۆیە دەکرێت نزمیی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیە بەرفراوان و خێرایە بگێڕینەوە، کە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگە زیاتر خۆپارێز بن. هاوکات ئەم ئەنجامە لەگەڵ بۆچونی "دۆرکهایم-"، لەو جێگەیە یەکدەگرێتەوە، کە پێیوایە هەرچەندە کاردابەشکردن لە کۆمەڵگەدا فراوانبوبێت و کۆمەڵگەیەکی هاوئاهەنگی ئۆرگانیکیش بێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری بەسەر نۆرم و بەهاکان و دروستبونی ئەنۆمی کۆمەڵایەتی، ئەوا هەماهەنگی لەنێوان تاکەکاندا نزم دەبێت و تاکگەرایی جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ بۆچونەکەی "پوتنام" یەکناگرێتەوە، چونکە پێوایە خوێندکارانی زانکۆ لە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ و بەردەوامدان ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی متمانەیەکی کۆمەڵایەتیی "ئەستور- بەهێز" لە نێوانیاندا بێت.

خشتەی (4)

داتای پەسنیی ئاستی "متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی" نیشاندەدات

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | Minimum | Maximum | Mean | Std. Deviation | N | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | 1.85 | 4.75 | 3.441 | 0.451 | 370 | بەرز |
| متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر | 1.00 | 4.45 | 2.165 | 0.714 | 370 | نزم "خوار ناوەند" |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەی پێوەرەکان= 5-5/1 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزم) ( 1.81- 2.60، نزم) ( 2.61- 3.40، ناوەند) (3.41- 4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز).

**ئاسانجی دووەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە**

**1- ڕەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لەسەر ئاستی (متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی)، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت، کە تێیدا ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی (5)دا دەردەکەوێت:

**أ- متمانەبەخۆبون:** بە سەرنجدان لەوەی (P-Value>0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (1.067) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965) بە نمرەی ئازادی (368)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، سەبارەت بەئاستی متمانەبەخۆبوندا، نییە. بەدەربڕینێکی تر گۆڕاوی دیمۆگرافیی "ڕەگەز" نەبۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە ئاستی متمانەبەخۆبون. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (حموری،٢٠٢٠)یە، کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی متمانەبەخۆبون بە پێی ڕەگەز، نییە.، هاوکات پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (الدمیني, 2020)یە، کە متمانەبەخۆبون لای ڕەگەزی نێر، بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، زیاترە.

دەشێت هۆی نەبونی جیاوازی، لە ئاستی متمانە بەخۆبون لای ڕەگەزی نێر و مێ، بۆ دولایەن بگەڕێتەوە، لەلایەك خودی متمانەبەخۆبون بە خودی تاکەسەوە پەیوەستە، لەلایەکی تریش خودی زانکۆ لە ئاست پەرەپێدانی توانا و لێهاتویی خوێندکاران و پێدانی ئەرك و چالاکیی تاکەکەسی، بەپێی ڕەگەز جیاوازیی نەکردووە.

**ب- متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر:** بە سەرنجدان لەوەی بەهای (t)ی دەرهێنراو لە بەهای (t)ی خشتەیی گەورەترە و (P-Value<0.05) بە نمرەی ئازادی (368). دەرکەتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، سەبارەت بە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی، هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە؛ چونکە ناوەندی ژمێرەی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ بەرزترە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتیی ڕەگەزی نێر، بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، زیاترە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (یوسف و محمد،2024)ە،کە متمانەی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی مێ زیاترە، بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر. هەروەها پێچەوانەی هەریەکە لە توێژینەوەکانی (برکات، 2014)، (اسماعیلي، 2014)، (Nesterova، 2020)یە، کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بونی نییە. هۆکاری زیاتربونی متمانەی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی نێر، دەشێت بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە، لەلایەك ئەو کلتور و بەها و نۆرم و پەروەردەکردنە خێزانییەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە، بۆتەهۆی ئەوەی ڕەگەزی نێر کەمتر پارێزبەندیی لە دروستکردنی پەیوەندی و کارلێککردن و متمانەکردن بەکەسانی تر هەبێت، بەبەراود بە ڕەگەزی مێ. لە لایەکی تر، ترسی ڕەگەزی مێ لە دروستبونی پڕوپاگەندە و لەکەی کۆمەڵایەتی، بەبەراورد بە ڕەگەز نێر، زیاترە، ئەمەش وایکردووە متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەی بەکەسانی دەوروبەر کەمتربێت بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر.

خشتەی (5)

جیاوازیی ڕەگەزی "نێر و مێ" سەبارەت بە ئاستی "متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی" نیشاندەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | N | Mean | Std. Deviation | Mean Difference | p- value | بەهای (t) Test | بەهای (t) Table | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | نێر | 181 | 3.467 | 0.454 | 0.050 | 0.283 | 1.067 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 189 | 3.416 | 0.448 | | | | | |
| متمانەی کۆمەڵا یەتی بەیەکتر | نێر | 181 | 2.426 | 0.749 | 0.511 | 0.000 | 7.356 | 1.965 | بەڵگەداره |
| | مێ | 189 | 1.915 | 0.580 | | | | | |

N= 370 df= 368 -2

## 2- گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی "خێزاندار، سەڵت":

به مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی باری کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ( متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی)، تویێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ وەرگرتووە، وەکو لە خشتەی (6)دا دەردەکەوێت:

**أ- متمانەبەخۆبون:** به سەرنجدان لەوەی بەهای (t)ی دەرهێنراو لە بەهای (t)ی خشتەیي گەورەترە و (P-Value<0.05) بە نمرەی ئازادی (368). دەرکەوتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان خوێندکارانی "خێزاندار و سەڵت" سەبارەت بە ئاستی متمانەبەخۆبون، هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ خێزانداران دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندی ژمێرەی خێزاندار، لە سەڵتەکان بەرزترە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو خوێندکارانەی هاوسەرگیرییان کردووە و خێزاندارن ئاستی متمانە بەخۆبونیان، بەبەراورد بە خوێندکارانی سەڵت، زیاترە.

**ب- متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر:** به سەرنجدان لەوەی بەهای (t)ی دەرهێنراو لە بەهای (t)ی خشتەیي گەورەترە و (P-Value<0.05) بە نمرەی ئازادی (368). دەرکەتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکارانی "خێزاندار و سەڵت"، سەبارەت بە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی، هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ خوێندکارانی سەڵت دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندی ژمێرەی سەڵتەکان، لە خوێندکارە خێزاندارەکان، بەرزترە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو خوێندکارانەی سەڵتن ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتییان بەبەراورد بە خوێندکارانی خێزندار زیاترە.

خشتەی (6)

جیاوازیی نێوان "سەڵت و خێزاندار" سەبارەت بە ئاستی "متمانە بەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی" نیشاندەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | N | Mean | Std. Deviation | Mean Difference | p-value | بەهای (t) Test | بەهای (t) Table | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | سەڵت | 287 | 3.303 | 0.373 | 0.613 | 0.000 | 13.22 | 1.965 | بەڵگەداره |
| | خێزاندار | 83 | 3.916 | 0.366 | | | | | |
| متمانەی کۆمەڵا یەتی بەیەکتر | سەڵت | 287 | 2.210 | 0.669 | 0.201 | 0.024 | 2.269 | 1.965 | بەڵگەداره |
| | خێزاندار | 83 | 2.009 | 0.779 | | | | | |

N= 370 df= 368

## 3- گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون "ناوشار- دەروەی شار":

به مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی شوێنی نیشتەجێبون لەسەر ئاستی (متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی)، تویێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ وەرگرتووە، وەکو لە خشتەی (7) دەردەکەوێت:

**أ-متمانەبەخۆبون:** به سەرنجدان لەوەی بەهای (t)ی دەرهێنراو لە بەهای (t)ی خشتەیي گەورەترە و (P-Value<0.05)، بە نمرەی ئازادی (368). دەرکەتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان خوێندکارانی دانیشتوی" شار و دەرەوەی شار"دا، سەبارەت بە ئاستی متمانەبەخۆبون هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ خوێندکارانی دانیشتوی ناوشار دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندی ژمێرەی خوێدکارانی ناوشار بەرزترە لە دەروەی شار. بۆیە دەتوانین بڵێین خوێندکارانی ناوشار، ئاستی متمانەبەخۆبونیان بەبەراورد بە خوێندکارانی دەرەوەی شار، بەرزترە.

**ب- متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتر:** به سەرنجدان لەوەی (P-Value>0.05) و بەهای (t)ی دەرهێنراو لە بەهای (t)ی خشتەیي بچوکترە (1.965)، بە نمرەی ئازادی (368)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان خوێندکارانی " ناوشار و دەرەوەی شار" سەبارەت بەئاستی "متمانەی کۆمەڵایەتی" نییە. بەدەربڕینێکی تر گۆڕاوی دیمۆگرافیی "شوێنی نیشتەجێبون" نەبۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە ئاستی "متمانەی کۆمەڵایەتی". ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی تویێژینەوەکەی (برکات، 2014)ە، کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی، بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبون، نییە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

خشتەی (7)

جیاوازیی نێوان "ناوشار، دەرەوەی شار" ئاستی "متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی" نیشاندەدات

| | گۆراوی دیمۆگرافی | N | Mean | Std. Deviation | Mean Difference | p-value | بەهای (t) Test | Table | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | ناوشار | 193 | 3.505 | 0.440 | 0.134 | 0.004 | 2.893 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | دەرەوەی شار | 177 | 3.371 | 0.453 | | | | | |
| متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتر | ناوشار | 193 | 2.162 | 0.644 | 0.006 | 0.929 | 0.090 | 1.965 | بەڵگەدار نییە |
| | دەرەوەی شار | 177 | 2.168 | 0.786 | | | | | |

N= 370 df= 368

4- **قۆناغی خوێندن:** بە مەبەستی دەرهێنانی رۆڵی گۆراوی دیمۆگرافیی قۆناغی خوێندن لەسەر ئاستی (متمانەبەخۆبون، متمانەی كۆمەڵایەتی)، توێژەران سودیان لە تاقیكردنەوەی ئەنۆڤا (One-Way ANOVA) وەرگرت، كە بۆ دەرهێنانی جیاوازیی نێوان سێ گروپ و زیاتر بەكاردێت. وەك لە خشتەی (8) دەركەوتووە، جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەكاندا، سەبارەت بە "متمانەبەخۆبون" هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی، كە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی گومانی توێژینەوەكە (0.05) بچوكترە. بەڵام سەبارەت بە "متمانەی كۆمەڵایەتی" هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەكاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی، كە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی گومانی توێژینەوەكە (0.05) گەورەترە.

خشتەی (8)

كاریگەریی قۆناغی خوێندن لەسەر ئاستی " متمانەبەخۆبون و متمانەی كۆمەڵایەتی"

| پێوەر | گروپەكان | N | Mean | Std. Deviation | F-test | بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | قۆناغی یەكەم | 90 | 3.323 | 0.533 | 5.992 | 0.001 بەڵگەدار |
| | قۆناغی دووەم | 97 | 3.424 | 0.438 | | |
| | قۆناغی سێیەم | 103 | 3.385 | 0.421 | | |
| | قۆناغی چوارەم | 80 | 3.597 | 0.388 | | |
| | كۆی گشتی | 370 | 3.441 | 0.451 | | |
| متمانەی كۆمەڵایەتی بەیەكتر | قۆناغی یەكەم | 90 | 2.079 | 0.692 | 1.049 | 0.371 بەڵگەدار نییە |
| | قۆناغی دووەم | 97 | 2.210 | 0.666 | | |
| | قۆناغی سێیەم | 103 | 2.241 | 0.745 | | |
| | قۆناغی چوارەم | 80 | 2.102 | 0.767 | | |
| | كۆی گشتی | 370 | 2.165 | 0.714 | | |

بە مەبەستی دەستنیشانكردنی جیاوازیی ئاستی"متمانەبەخۆبون"، بۆ جیاوازیی نێوان كام یەك لە گروپەكان دەگەڕێتەوە، توێژەران سودیان لە تاقیكردنەوەی (لانیكەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرت. وەكو خشتەی (9) نیشاندەدات: لە نێوان گروپەكانی قۆناغی چوارەم جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە سەبارەت بە متمانەبەخۆبون، ئەمەش بەسەرنجدان لەوەی پەیوەندیی قۆناغی چوارەم بە قۆناغەكانی تر (P-Value<0.05)، بەڵام قۆناغەكانی تر لەگەڵ یەكتری جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری نییە. بۆیە دەردەكەوێت "قۆناغی چوارەم" ئاستی متمانەبەخۆبونی لەسەرجەم قۆناغەكانی تر بەرزترە. هەروەها بە سەرنجدان بە ناوەندی ژمێرەیی گروپەكان دەردەكەوێت ناوەندی ژمێریی قۆناغی چوارەم (3.597)ە، بەرزترین ئاستی متمانەبەخۆبون نیشاندەدات.

خشتەی (9) تاقیكردنەوەی فیشەر بۆ جیاوازی لە ئاستی متمانەبەخۆبون بەگوێرەی قۆناغی خوێندن

| پێوەر | قۆناغ | جیاوازیی ناوەندەكان | P-Value | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| متمانەبەخۆبون | یەكەم – دووەم | 0.100 | 0.130 | بەڵگەدار نییە |
| | یەكەم- سێیەم | 0.061 | 0.397 | بەڵگەدار نییە |
| | یەكەم- چوارەم | 0.273 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | دووەم- سێیەم | 0.038 | 0.548 | بەڵگەدار نییە |
| | دووەم- چوارەم | 0.173 | 0.004 | بەڵگەدارە |
| | سێیەم- چوارەم | 0.211 | 0.002 | بەڵگەدارە |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp379-392

## 12. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە سەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە کۆمەڵێک دەرئەنجامی جیاواز، سەبارەت بە متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان خوێندکارانی زانکۆ گەیشتوون، کە بریتین لەوەی:

**1. ژینگەی ئەکادیمی:** ژینگەی ئەکادیمی "زانکۆ" بەشێوەیەکی ئەرێنی دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، لە پەرەپێدانی توانا و لێهاتوییەکان و توانای پشتبەخۆبەستن و متمانەبەخۆبونی خوێندکاران، لەڕێگەی پەیڕەوکردنی کۆمەڵێك میکانزمی ئەرێنی و گونجاو بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها دەتوانێت لەڕێگەی دروستکردنی کاری بەکۆمەڵ و چالاکییە پەروەردەیی و تەرفهیەکان و بۆنە و سیمینار و وۆرکشۆپەکانەوە، پەرە بە متمانەی کۆمەڵایەتیی نێوان خوێندکاران بەیەکتری بکات، چونکە وەك دەرکەوتووە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێندکاران لە ئاستێکی نزمدایە.

**2. متمانەبەخۆبون :** وەك لە ئەنجامەکان دەرکەووتوە ئاستی متمانەبەخۆبون لای خوێندکاران لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێکی خودی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، لەوانە: پەروەردەی خێزانی، لە سەرەتای تەمەنی منداڵی ڕۆڵی کاریگەری لەسەر متمانەبەخۆبون هەیە، بەجۆرێك پەروەردەکردنی تاکەکان بەشێوەیەکی نەرێنی، هۆکارە بۆ نەمانی هەستی باوەڕبەخۆبون و متمانەکردن بەتوان و لێهاتوییەکانەوە. بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. هەروەها ژینگەی زانکۆ توانیویەتی پەرە بە متمانەبەخۆبون لای خوێندکاران زیاتر بکات، چونکە لە پەیوەندیی **"متمانەبەخۆبون و قۆناغی خوێندن"** دەرکەوتووە قۆناغی چوارەم ئاستی متمانەبەخۆبونی لەچاو قۆناغەکانی تر لە ئاستێکی بەرزدایە؛ بۆیە وەك پێشنیازێك بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەوڵی زیاتر لەسەر ئەو میکانیزم و ڕێگە گونجاوانە بدەن، کە هۆکارن بۆ پەرەپێدانی متمانەبەخۆبون.

**3. متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری:** وەك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، بەشێوەیەکی گشتی، متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین، لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە دەکرێت نزمە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ، بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و خێراییی شەپۆلەکانی تەکنەلۆژیا بگەڕێنینەوە، کە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگە زیاتر خۆپارێز بن. هەروەها زۆرجار وەك دەبیستین لە هەرێمی کوردستان "باوەڕ بەکەس مەکە" وەك باوەڕێك بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا زاڵبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوڕوداو و دیارەدە ناڕەوشتی و نایاسایی و سەیرانەی، ڕۆژانە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا نیشاندەدرێن. هەروەها فراوانبونی کۆمەڵگە لەلایەك و ژینگەی زانکۆیی لەلایەکی تر، بەجۆرێکە هەر خوێندکارێک لە ژینگەیەکی جیاوازەوە هاتووە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی تاکەکانی ناو ئەم ژینگەیە، کەمتر پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی توند و بەهێز لەنێوان یەکتری دروستبکەن، ئەمەش هۆکارە بۆ نزمیی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری.

**4. سەبارەت بە پەیوەندیی ڕەگەز بە متمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری:** وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، جیاوازی لە ئاستی متمانەبەخۆبون بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازیی نییە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد متمانەبەخۆبون پەیوەستە بەلایەنی خودیی تاك و ئەو ژینگە خێزانییەی تیایدا گەورە بووە. سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی، جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتیدا هەبوە، لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی نێر، واتە ڕەگەزی نێر متمانەی کۆمەڵایەتیی بەیەکتری زیاترە بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ. دەشێت هۆی ئەم جیاوازییەش بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە: لەلایەك ئەو کلتور و بەها و نۆرم و پەروەدەکردنی خێزانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە، بۆتەهۆی ئەوەی ڕەگەزی نێر کەمتر پارێزبەندی لە دروستکردنی پەیوەندی و کالێکردن و متمانەکردن بەکەسانی تر هەبێت، بەبەراود بە ڕەگەزی مێ. لە لایەکی تر، ترسی ڕەگەزی مێ لە دروستبونی پروپاگەندە و لەکەی کۆمەڵایەتی، بەبەراورد بە ڕەگەز نێر زیاترە، ئەمەش وایکردووە متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەی بەکەسانی دەروبەر کەمتربێت بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

**5. سەبارەت بە پەیومندیی باری کۆمەڵایەتی بەمتمانەبەخۆبون و متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری:** وەك ئەنجامەکان دەریانخستووە متمانەبەخۆبون لای ئەو خوێندکارانەی خێزاندارن بەرزترە بەبەراود بە سەڵتەکان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك تاك هاوسەرگیری دەکات، هەستی باوەڕبەخۆبون و پشتبەستن بەخۆی و دابینکردنی پێویستییەکان و تواناکان و لێهاتوییەکانی خۆی زیاتر بەگەڕدەخات؛ چونکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، سەربەستیی زیاتر لەڕوی بڕیاردان بەدەستدەهێنێت، بەبەراود بەو کەسانەی هاوسەرگیریان نەکردووە و وابەستی دایك و باوکیانن. سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری، ئەنجامەکان پێچەوانەیە؛ واتە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری لای سەڵتەکان بەرزترە بەبەراود بە خێزانداران، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو خوێندکارانەی سەڵتن کەمترین پارێزبەندییان لە پەیوەندیبەستن و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تردا هەیە، هەرکاتێکیش پەیوەندی و کارلێککردنی توند و بەهێز لە نێوان تاکەکان زیاتر بو، ئەوا متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتریش زیاد دەکات، بەڵام هەوڵی کەسانی خێزاندار، لە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێز و توند لەگەڵ کەسانی تر، کەمترە و زیاتر خۆپارێزن. هاوکات کەسانی خێزاندار، لە دەرچون و گەڕانەوە بۆ ماڵ، بە هاوسەرەکەیانەوە وابەستەن، ئەگەر پەیوەندیش هەبێت پەیوەندییەکی سنوردارە. دەشتێت ئەمانە هۆکار بن بۆ ئەم جیاوازییەی لە نێوان خێزاندار و سەڵت سەبارەت بە متمانەی کۆمەڵایەتی بەیەکتری، دروستبووە.

## 13. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

**1. زانکۆکان هەوڵبدەن زیاتر کار لەسەر پەرەپێدانی متمانەی کۆمەڵایەتی لەنێوان خوێنکاران بکەن لە ڕێگەی:**

کاری بەگروپ و چالاکییە زانستی و تەرفهیەکایەکان؛ بۆ ئەوەی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاران بەرزبێتەوە.

ئەنجامدانی سیمینار و وۆرکشۆپ لەسەر "ڕۆڵ و سودی متمانەی کۆمەڵایەتی"، یاخود لەسەر ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی گۆڕینی ئاراستەی نەرێنیی خوێندکاران سەبارەت بەیەکتری.

هەوڵبدرێت ژینگەیەکی سەقامگیر و ئارام لە زانکۆدا فەراهەم بکرێت، بۆ ئەوەی خوێندکاران لە ترس و دڵەڕاوکێ دوربن و ئەو هەستەیان بۆ دروست بکرێت کە ستافی زانکۆ بەشێکن لە خێزانەکەی. ئەمەش لەڕێگەی بە دەمەوەچون و چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە.

زانکۆ بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران بکات، لە بەشداریپێکردنی کار و چالاکییە زانستییەکان و گەشتی زانستیدا، بۆ ئەوەی کارلێك و پەیوەندی زیاتر بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی کۆمەڵایەتی زیاتر بێت.

**زانکۆکان هەوڵبدەن زیاتر کار لەسەر پەرەپێدانی متمانەبەخۆبون لەنێوان خوێنکاراندا بکەن، لە ڕێگەی:**

ئەنجامدانی کاری تاکەکسی، بۆ ئەوەی ئاستی متمانەبەخۆبون لای خوێندکارانی زانکۆ بەرز بێتەوە.

پاداشکردن و هاندانی خوێندکارانی سەرکەتو لە میانی بەشداریی کار و چالاکییە زانستییەکان و هاندانی ئەو خوێندکارانەی کە بەشدارییان نەکردووە.

کار لەسەر دۆزینەوە و پەرەپێدانی توانا و کارامەییەکانی خوێندکاران بکرێت، چونکە دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبونی متمانە بە خۆی.

زانکۆ، لە ڕێگەی ستافی وانەبێژانەوە هانی خوێندکاران بدات، بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆ و سیمینار و چالاکییەکانی پەیوەست بە هەر بابەتێك. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی متمانەبەخۆبون لای خوێندکاران دروست بێت، هەروەها زانکۆ ڕێگە بەهیچ کەسێك نەدات، کە سەرزەنشتی توانا و کارامەییەکانی کەسایەتیی خوێندکاران بکات.

## 14. ڕاسپاردەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە زانکۆکانی کوردستاندا، بۆ بەراوردکردنی ئەنجامەکان.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گرنگرین هۆکارە کاریگەرەکانی سەر متمانەی کۆمەڵایەتی.
3. ئەنجامدانی توێژەینەوە لەسەر متمانەی سیاسی و ئابوری لای گەنجانی هەرێمی کوردستان.
4. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر شێوازەکانی پەروەردەی خێزانی پەیوەست بە متمانەبەخۆبون لای هەرزەکار.

## 14. سەرچاوەکان


دیلانی، تیم(2016). *تیئۆرییە کلاسییەکانی کۆمەڵناسی*، وەرگێرانی: خالید شێخە، سەقز: چاپخانەی بیریار.

محەمەد، فائیز ئیبراهیم(2019). *ئەتۆمی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان*، هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی (PPI).

اسماعیلی، سمیە تاجیك (2014). *میزان و ابعاد اعتماد اجتماعی در میان دانشجویان دانشگاه آزاد اسلامی شهر تهران*، مطالعات رسانه ای، سال(9)، شمارە (27)، صص:55-62.

آمال، الاشهبي (٢٠٢٢). *الثقة بالنفس وعلاقتها بالتفاؤل*، ريسالة الماجستير، الجزائير: جامعة زيان عاشور الجلفة.

بركات، زياد (2014). *الثقة الاجتماعية المتبادلة لدى طلبة جامعة القدس المفتوحة فى ضوء بعض لامتغيرات*، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات التربوية والنفسية، عدد(7)، صص: 343-374.

بن سفران، عبير محمد ناصر(2022). *جدلية العلاقة بين الثقة ورأس المال الاجتماعى*، مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية، عدد(3)،صص: 155-164.

تيطراوي، زاوى و فتحى، جمال(2022). *الثقة كميكانيزم اجتماعى مساعد على الاندماج المهنى مقاربة رأس المال الإجتماعى*، مجلة الإعلام والمجتمع، عدد(2)، صص: 468-480.

الحمورى، خالد عبدالله (2020). *الثقة بالنفس لدى الطلبة الموهوبين موسيقيا في ضوء بعض المتغيرات*، مجلة الفنون الأدب و علوم الإنسانيات والاجتماع، عدد(62)، صص:472-483.

الدمينى، أحمد عبدالله (2020). *الثقة بالنفس و علاقتها ببعض المتغيرات لدى طلبة كلية التربية في جامعة ذمار* ، مجلة جامعة البيضاء، عدد(2)، صص: 475-500.

الدوسرى، فاطمة بنت على(2019). *العلاقة بين مستوى الثقة بالنفس والشعور بالاكتئاب*، مجلة كلية التربية، عدد(183)، صص: 303- 349.

سكيك، رندة جمال(2023). *التكفير الإجابى وعلاقته بالثقة بالنفس*، مجلة ابن خلدون للدراسات والأبحاث، عدد(4)، صص: 186-201.

صالح، رنا ناهض (2023). *الثقة الإجتماعية المتبادلة لدى طلبة الجامعة*، ريساله ماجستير، بغداج: جامعة ديالى.

العترى، عواد بن صغير(2012). *عالية برنامج إرشادي في تنمية الثقة بالنفس لدى الأيتام بالمرحلة المتوسطة*، ريسالة ماجستير، السعودية: جامعة مللك عبدالغزيز.

عمر، زهوانى ( 2022). *سوسيولوجيا الرابط الاجتماعى*، لجزائير: جامعة ابن خلدون تيارت.

الغازى، أحمد (2022). *العلاقات الاجتماعية ودورها فى البناء الاقتصادية*، مجلة أسيناگ-Asinag ، عدد(17)، صص: 59-78.

فوكوياما، فرانسيس (1998). *الثقة - الفضائل الاجتماعية وتحقيق الازدهار*، ط1، أبوظبي: دراسات مترجمة (٦)، مركز الإمارات للدراسات السياسية والإستراتيجية.

الكبيسى، كامل ثامر(1987). *بناء وتقنين لسمات الشخصية ذات الأولوية للقبول في الكليات العسكرية لدى طلاب الصف السادس الإعدادي في العراق*، أطروحة الدكتورا، بغداد: جامعة بغداد.

محمد، غاده عبدالباقى(٢٠٢٢). *تصور مقترح لتنمية الثقة الاجتماعية المتبادلة فى ضوء نظرية روتبرج*، مجلة كلية التربية بالإسماعيلية، عدد(53٣)،صص:147-172.

مسعودى، غرغوط و مروة، عاتكة(2018). *علاقة الثقة النفس والتفاؤل غير الواقعى بالصحة النفسية لدى الطالب الجامعى*، ريسالة المجستير، جامعة الشهيد لخضر الوادى.

المهيدات، تسنيم نورالدين و عواد، روان صالح(٢٠٢٢). *مبدأ الثقة بالنفس في التربية الإسلامية دراسة تربوية*، مجلة كلية الدار العلوم، عدد(144)، صص: 57-100.

نداوى، عدنان على همزه (2013). *الظروف الصدمية وعلاقتها بالثقة الاجتماعية لدى طلبة الجامعة*، مجلة واسط للعلوم الإنسانية، عدد (22)، صص:331-370.

بهشتى، سيد صمد و خوب، احسان كهنسال (2019). *تبيين جامعەشناختى و وضعت اعتمادى اجتماعى و عوامل مؤثر بر ان*، دو فصلنامه جامعەشناسى معاصر، سال(8)، شماره(14)، صص: 261- 282.

تبريزى، عليرضا محسنى و ديگران (2019). *عوامل مؤثر بر اعتماد اجتماعى دانشجويان ايرانى خارج از كشور :مورد پژوهى دانشگاههاى كشور آلمان*، فصلنامه پژوهش و برنامەريزى در اموزش على، شماره 52، صص: 151- 176.

خادمى، بهبود و ديگران (2011). *بررسي عوامل موثر بر اعتماد اجتماعي در بين دانشجويان*، فصلنامه تخصصي- علوم اجتماعي دانشگاه آزاد اسلامي - واحد شوشتر، شماره(13)، صص: 125-158.

دیوكلائی، سید احمد میر محمدتبار و دیگران (2014). *رابطهٔ هویت دینی و اعتماد اجتماعی در بین دانشجویان دانشگاه مازندران*، دو فصلنامه علمی – پژوهشی دین و ارتباطات، سال(20)، شماره (2) (44)، صص: 73-99.

قديمي، مهدی (2007). *بررسی میزان اعتماد اجتماعی و عوامل مؤثر بر آن در بین دانشجویان دانشگاههاي زنجان*، پژوهشنامه علوم انسانی: شماره (53)، صص 61-92.

زاده، بهمن یحیي و دیگران (2017). *سنجش اعتماد اجتماعی و عوامل موثر بر آن در بین دانشجویان مرکز علامه طباطبايي سبزوار در سال تحصیلی 96-95*، دومین کنفرانس ملی رویکردهای نوین در آموزش و پژوهش.

زاده، عباس (2007). *عوامل مؤثر بر شکل گیري اعتماد اجتماعي دانشجويان*، فصلنام پژوهشی رفاه اجتماعی، سال(4)، شماره(15)، صص: 407-444.

مازندرانی، محمد جواد زاهید و دیگران (2022). *مسئله اعتمادی اجتماعی در میانی دانیشجویان – مورد مطالعه :دانشگاه پیام نور تهران*، دو فصلنامه جامعه‌شناسی و اقتصادی و توسعه، سال(11)، شماره(1)، صص:275-293.

معیدفر، سعید و جیهانگیر، پرویز (2010). *اعتمادی اجتماعی تعمیم یافته و عوامل مؤثر بر ان مطالعه موردی شهر اورمیه*، دانشامه علوم اجتماعی، دوره(1)، شماره(1)، صص: 47-67.

ملیحه، پیشوايي و دیگران (2014). *اعتماد اجتماعی و عوامل موثر بر آن در بین دانشجویان*، فصلنامه پژوهش و سلامت، شماره (3)، صص: 760-769.

Bellows, Denise (2024). *what is social trust, shape of the region conference*, Viergina.

Bjornskov, Christian (2022). *social trust and patterns of growth*, southem economic journal, (89), Pp:216-237. https://doi.org/10.1002/soej.12590

Bouma, J and other (2008). *Trust and cooperation: Social capital and community resource management*, Journal of environmental economics and management, 56(2), Pp: 155-166.

Boundless (2024) sociology, libertexts, usa: https://socialsci.libretexts.org

Delhey, Kenneth and jan, newton (2003). *Who Trusts? The Origins of Social Trust in Seven Societies*, European Societies 5(2), Pp:93-137. https://doi.org/10.1080/1461669032000072256

Egbonu, John Okwuchukwu (2022). *An evaluation of robert putnam's social capital theory*, Journal of Philosophical & Theological Studies, Vol (3), Pp: 157-178.

Khattri, Prashant (2021). *social integration*, Allahabad state university, prayagraji, UP.

Kwon, o. yul, (2019). *Social trust: its concepts, determinants roles and raising ways*, Elgaronline (10), Pp.19-49. DOI: https://doi.org/10.4337/9781784719609.00008

Martikke, Susanne (2017). *social capital- on overview*, UK: GMCVO reaserch.

Martinangeli, Andrea F.M.and other (2020). *CONFLICT-RESOLVERS OR TOOLS OF ELECTOR*, Department of Political Science, University of Gothenburg.

Mahmood, D. O. . and Anwar, B. H. . (2024) "The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And 'John Dollard'", *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 7(2), pp. 58–72. https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

Nesterova M, et al. (2020). *Trust as a cognitive base of social cohesion in the university communities*, International Journal of Cognitive Research in Science, Engineering and Education (IJCRSEE), 8(1), Pp. 15-23. DOI: 10.5937/IJCRSEE2001015N

Newton, K. (2004). *Social trust: individual and cross-national approaches*, Portuguese Journal of Social Science, (3), Pp: 15-35. DOI: 10.1386/pjss.3.1.15/0

Popper, Miroslav (2013). *SOCIAL TRUST, NORMS AND MORALITY*, Human Affairs, vol (23), Pp: 443- 457

Rezaei, Farzin, and others (2021). *The relationship between spiritual health and social trust among students*, J Mind Med Sci. 2021; 8(1), Pp 100- 107. I S S N: 2 3 9 2 - 7 6 7 4. https://proscholar.org/jmms/

Rotter, J. B. (1967). *A new scale for the measurement of interpersonal trust.* Journal of Personality*, 35*(4), Pp: 651–665. https://doi.org/10.1111/j.1467-6494.1967.tb01454.x

Rotter, J. B. (1980). *Interpersonal trust, trustworthiness, and gullibility*, Journal *American Psychologist, 35*(1), Pp: 1–7. https://doi.org/10.1037/0003-066X.35.1.1